# ئینتیما بۆ نیشتیمان ئەرکی سەرەکی هاو نیشتمانی  بوونمانە

حوسێن ئیسماعیل خان دەلۆ
husin966@yahoo.com

پرۆسەی بە هاولاتیبوون قسەو باسێکی زۆر هەڵدەگرێ و مشتومرێکی زۆر دەخوازێ لە کایە تێفکرین و عەقلانیەکاندا ، بۆ ئەوەی لە چەمکی بە هاولاتیبوونمان بگەین و بەکردەنی هەنگاوی بۆ هاوێژین پێویستە ئەو جوغز و بەربەست و قۆزاخانە بشکێنین کە گۆشەگیرمان دەکات لە ئاست پاراستنی بەرژەوەندیە گشتیەکان و خوێندنەوەیەکی گشتگیر و سەرتاپاگیر و واقعبیانانەمان هەبێت بۆ پەیوەندیە هەمەلایەنیە رۆحیەتیەکانی تاك و کۆ لە کۆمەڵدا ، هاوکات دەسەڵات لە هەوڵ و تەقەلای  کوشتنی ئەو ئاوەز و بیرانە بێت کە زاڵبوونی بەرژەوەندی تاك بەسەر بەرژەوەندی کۆمەڵ و دەسەڵات رادەگەینێ وە دەبێت زەمینەی بۆ بڕەخسێنێت و ئەمەش لە هەرەمی دەسەڵاتەوە خۆی گشتگیر و سەراتاپاگیر دەکات بۆ کۆی کۆمەڵگا ، دەسەڵاتە دیمۆکراتیەکان زادەو هەڵقوڵاوی ناو دەروون و هەناوی کۆمەڵگایە و تاکیش یەکەیەکی بنچینەی و بنەڕەتییە لە پێکهاتەی کۆمەڵ و پەیوەندیەکی توند و تۆڵ و تۆکمە و حەیاتیان هەیە ، هیچ دەسەڵاتێك بۆ بابەتی بە هاوولاتی بوونی تاکی سنوری قەڵەمڕەوی خۆی ناتوانێ لە رێگای فشار و گوشارەوە ئامانجەکانی خۆی دەستەبەر بکات و بیهێنێتە دی وە ئەم بابەتگەل و رەوشە دەستەمۆ و فەرزبکات ، بەڵکو بەرپرسیاریەتێکی مەبدئی و ئەخلاقیە و پەیوەستە بە خودی تاکەوە بۆ توانەوەی خۆی لە بۆتەی کۆمەڵدا وە لە روانگەی بەرژەوەندیە گشتیەکانەوە بەرژەوەندی خۆی ببینێت و بە دڵ و بەگیان شورا و قەڵغانی پاراستنی دەستکەوتە میللی و جەماوەری و گشتیەکان بێت ، هاووڵاتی ئەو کەس و تاکەیە کە ئەرك و مافەکانی سەر شانی رادەپەڕێنێ و بە شێوەیەکی پراکتیکی و مەبدئیانە پابەند و مەلکەچ بوونی بۆ یاسا رابگەیەنێ .

تەفر و تونا کردن و شکاندنی ئەو کوت و جوغز و بازنانەی کە هەرەمی دەمارگیری مەزهەبی و ئاینی و ئایدۆلۆژی قوت دەکەنەوە وە هەرەشە لە مرۆڤ سالاری و یاسا سالاری دەکەن یەکێکە لە وەزیفە سەرەکییەکانی بە هاوولاتیبوون ، سەرباری ئەوەش تواندنەوەی تاك لە کۆمەڵدا لە پاشاندا لە کۆمەڵگا و نەتەوەدا وە شەتەك و گرێدانی تاکو کۆی کۆمەڵگە بە مەسەلە چارنوسساز و سراتیژە هاوئامانج و هاومەبەست و هاوبەشەکانەوە بۆ پاراستنی قەوارە سیاسی و نیشتمانی و نەتەوایەتیەکان و فەراهەم کردنی ئازادی و سەروەرەیەکانی خەڵك بۆ بەدەستە جەمعی کردنی لە هەمبەر فەرمان و راژەکانیاندا و ولائی نیشتمانی و نەتەوەیی بخولقێنێ لە نێوان تاکەکاندا .

کورد سەدان ساڵە گیرۆدەی ئەو دەسەلات و رژێمە تۆلیتار وشۆڤێنی و رەگەزپەرستانەیە کە رەوت وشیرازای بە مرۆڤ بوون و بە هەولاتیبوونمان و بە کۆمەڵ بوونمان دەشێوێنێ و بە چەپ و راستدا فڕمان دەکەن و لە هەناوی تاکی کوردیدا گرێ کوێرە لەمەڕ مەیل و ولائی نیشتمانی دروست دەکەن وە تەگەرە و کۆسپ و لەمپەر دەخەنە نێوان تاك و کایە مەعریفی و سیاسیەکانی کۆمەڵ و دەسەڵاتەوە و دەرگای چوونە سەرختی بەرجەستە بوونی سیستەمە دیمۆکراتییەکان بە داخراو و کلۆم دراوی هێشتوەتەوە ، بەو سۆنگەیەوە شەڕێکی ئەزەلی و هەمیشەی لە ناوەوەی تاك بەرامبەر بە دەسەڵات هاتووەتە ئاراوە ، تاکی کوردی لەژێر کاریگەری داپڵۆسین و زەبرو زەنگدا بەردەوام لە دەسەڵات سەڵمیوەتەوە و ترس و بیمێکی گەورە سەرتاپای جەستەی تەنیوەتەوە لە هەمبەر بە هێز بوونی دەسەڵاتدا ، ناهەقی نەبووە چونکە بەهێز بوونی دەوڵەت هەڕەشە و گورشەی زیاتر بووە بۆ جینۆساید و کۆمەڵ کوژی و زەوتکردنی بەها سەرخانی و ژێرخانیەکانی کۆمەڵگا کە تاك ئەندامێکی بنچینەی و جەوهەری کۆمەڵگاکە بووە ، ئەو هزر و بۆچوون و ئایدیایە ئەوەندە زاڵ بووە پانتایەکی زۆری لە ئاوەزی تاکی کۆمەڵگدا بە گەورە و بچوکەوە دابڕ کردووە ، کاردانەوەی لەسەر هەڵسو کەوت و رەفتاری ئەو منداڵانە هەبووە کە لە قۆناغی سەرەتایی بوون بۆ یاخی بوون لە دەسەڵات هەر لە منداڵیەوە سەر پێچی و لاساریان دەکرد و تەختە و ڕەحلە و پەنجەرەیان دەشکاند و لە هزر و زەینی خۆیاندا وایان لەیەك دەدایەوە بەم  کارە زەرەر و زیان بە دەسەڵاتی زۆردار و

خۆسەپێن دەگەیەنن ، ئەم تێڕوانین و بۆچوونە نەخش و ڕەنگدانەوەی لە سەرتاپای ژیانی ئەو کەسەدا هەبووە تاکو گەورەش بوون هەمیشە بەگژ دەسەڵاتدا چوونەتەوە ئەگەر لە ناخەوەش بێت ، هاوکات لەبری پەروەردەکردن و فێر کردن و گۆش کردنی وەچە لە دوای وەچە و نەوە لە دوای نەوە بەکەلتورێك کە کۆمەڵگا لە داهاتوودا پشتی پێ ببەستێت و سود و فەڕی لێوەر بگرێت بۆ چارەسەرکردنی دۆزو پرسەکان بەزمانی دیالۆك و دانوستان ، ترساندن و سەرکوتکردنی و دار و فەلاقە ئەلتەرناتیفی ئەو جۆر و شێوازە پەروەردەکردنەوە بوو ، بۆیە بەردەوام وبێ پسانەوە بەگژدەسەڵاتدا چووەتەوە ، ئەمە میتۆدێکە بڕست و پرزەی گەشە و بەرەو پێشڤەچوونی لە تاکی کورد بڕیوە لە بەرامبەر قۆناغبەندی پێشکەوتنی کۆمەڵگادا .

ڕەشکوژی و کۆمەڵ کوژی و بێ سەر وشوێن کردن و مەینەتیەکانی تر وا بەرچاوی تاکی کورد یان تەڵخ و لێخن کردوە کە لە زێد و ماڵ ومەئواو وڵاتی خۆیدا هەست بە نامۆ بوون بکات ، بۆ سەلماندنی بوونی خۆی بەرەنگاری لە ناسنامەی نەتەوایەتی و گوزارشت لە هەست و نەستی خۆی تاقە چەك کە بەکاری هێناوە هانا بردنە بەر شۆڕش و ڕاپەڕین بووە ، بۆیە ئەگەر بابەتیانە و لۆژیکانە لە رەهەند و ماناو مەدلولەکانی شۆڕش و سەرهەڵدانەکان بڕوانین و مەغزاکانی بەجدی بخوێنینەوە تێڕامانێکی قوڵ دەخوازێ بۆ بەدەستەوە دانی شرۆڤەی ڕەهەند و چەمکە فراوان و ئەرکە دیار و بەرچاو و مەزنەکانی ، چونکە ئەو بارەگرانەی کە بەهۆی زەبرو زەنگەوە کەوتبووە سەرشانی تاکی کۆمەڵگای کورد تاکو بیناقاقای نوقمی گێژاوێکی سامناکی کرد بوو هاوزەمان خانە و جینەکانی نەشو نما و پێشکەوتنی کۆمەڵگای لەبەر یەك هەڵوەشاندبووەوە ، بەڵام شۆڕش توانی متمانە بەکەسێتی تاك ببەخشێ و دەرگایەکی فراوان بۆ ڕزگار بوونی لەکۆت و زنجیرەکانی چەوساندنەوە ئاواڵە بکات مامەڵەیەکی بەرەنگاریانە و پەرچدانەوە بکات و ناسنامەی نەتەوەی و نیشتمانی لە فەوتان دەرباز بکات .

بۆ گەیشتنمان بەدوا ویستگە و دوا مەنزڵ پێویستە تاك ئەرکی خۆی بناسێ و کەمتەرخەمی و خەمساردی لەڕاپەڕاندنی ئەرکەکانی نەکات تاکو هاووڵاتیەتی خۆی دەچەسپێنێ بۆ ئەم تێزو بیردۆزە جان جاك رۆسۆ دەڵێت :(نابینە مرۆڤ تاکو نەبینە هاووڵاتی) کەواتە هاووڵاتی بونمان مەرجی سەرەکیە بۆ پاراستنی دەسکەوتەکان و دەستەبەرکردنی ماف و ئازادیەکانی گشت ئەندامانی کۆمەڵگا و تەکانی بەرەو پێش چوونمانە سەبارەت بە مەسەلەی بە هاونیشتمانی بوون .

یەکخستنەوەی ئیرادەکان لەژێر سێبەری دەسەڵاتدا دەسپلینی تاك و کۆ بە بڕیارەکانی یاساوە بناغەی بە دیهێنانی ئاوات و ئامانجەکانی گەلە ، لەم ڕووەوە گەورە هزرمەندی فەرەنسی ئۆگێست کۆنت دەڵێت:( مەرجی بنچینەی بەدیهێنانی ئیستاتیکای کۆمەڵایەتی بریتیە لە پێکەوە گونجاندنی گشتی هەموو لایەنەکان ) بەم پێوەدانگە بە هەموومان دەتوانین ئەو کۆمەڵگایەی کەلە بیرو هزرماندا وێنای دەکەین بەشێوەیەکی پراکتیکی لەسەر ئەرزی واقع بەرجەستەی بکەین .

بۆ دەرباز بوونمان لەو قەیران و گێژاو و ئاستەنگانەی کە شوێنەواری خراپ و نێگەتیڤانەی لەسەر دید و ئاوەزی ئێمە دروست کردووە لەمەڕ چوست و چالاکیمان بۆ کارا کردنی بە هاووڵاتیبوونمان هەڕەشەی دەرمانێکی حەتمیە لە خود زۆر گرنگە و بایەخ بە ورد و درشتی پرسەکان بدەین و خوێندنەوەیەکی واقعبینانەمان هەبێت بۆ ئاشکرا کردنی بەرامبەر بە بەرپرسیاریەتی مێژوومان بەرامبەر بە یاسا و نیشتیمان و نەتەوە ، لەدوای راپەڕینەوە وەرچەرخانێکی گەورە بۆ پراکتیزە کردنی دیموکراتیەت رەخساوە وە رەوشێکی نوێ تاکی کوردی خستوەتە ژێر پرسیارەوە کە ئەم دەسەڵاتە خۆماڵیە لە یەك بە یەکی کورد دەخوازێ دڵسۆزی و پشتیوانی خۆی چەند پات بکاتەوە و دەستکەوتە گشتیەکان بەوە بزانی بەشە پشکی خۆی تێدایە و گرانتی پاراستنی مافەکانی بێت ، هەر لەو سوسەوە دەسەڵات سەروەریەکانی خۆی دەپارێزێت و بەرپەرچی هەموو هەڕەشەیەکی لاوەکی و دەرەکی دەداتەوە و نایەڵێت کوردستانت ببێتە پەیگە و بنکەی نامۆ بە جەستەی کۆمەڵگای کوردەواری ئەمەش بە هاریکاری و هاودەنگ و هاوڕایی نێوان تاك و دەسەڵات بەبەرهەم دێت .